# بانگەوازێکی بە پەلە

کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان

وولات پارێزان

ئازادیخوازان

لاتان شاراوە نییە کە رژێمی تورکیا دوژمنی سەرسەختی لە مێژینەی گەلەکەمان و کوردستانی نیشتمانەو .چەندین ساڵیشە بە مەرامی زیندووکردنەوەی خەونی عوسمانلیزم بۆ لەشکر کێشی و داگیرکردنی باشووری کوردستان لە خۆساز داندایە .ئەوە تائێستاکەش دەیەوێ لە پەرەسەندنی هێرشی سەربازی ئەمریکا بۆسەر رژێمی سەدام دەرفەت وەربگرێ وووڵاتەکەمان داگیربکاتەوە، لەم پێوەندیەدا مێژووداوامان لێدەکات وراماندەسپێرێ کە تێکڕای نیشتمان پەروەرو ئازادیخوازان بە یەکەوە خۆمان بۆ بەرخودان ئامادە بکەین .ئامادەبونمان بە واتای شەڕخوازی نییە بەڵام ئەوە دوژمنە وشەڕمان پێدەفرۆشێ و دەیەوێ کۆیلەوژێردەستەمان بکاتەوە، بۆیە دەبێ ئێمەی کوردستانی بەوورد و دردشتەوە یەکڕیزرابوەستین بە هەرشێوازێک کە بۆمان دەکری و بە هەرتوانایەک کە هەمانە بەرگری لە بوونی نەتەوەیی خۆمان و سەروەری نیشتمانەکەمان و مێژووی پڕ شانازیمان بکەین .

## هێزولایەنە سیاسیەکانی کوردستان

هەروەک ئاگادارن بە درێژایی ١٠ ساڵی رابووردو، رژێمی تورکیا سوودی لە شەڕی نێوخۆی کورد وەرگرتوو فێڵبازانەش دەستی خستەناو کاروباری ناوخۆی ووڵاتەکەمان و لەخەمی رامکردنوودەستەموو کردنی هێزە سیاسیەکاندابوو، بەڵام ئەمڕۆ لەسایەی ئاشتی و تەبایی نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردستان پێگەیەک بۆ خۆتێهەڵقورتاندن و پەردەپۆش کردنی مەرامەکانی نەماوەتەوە، بۆیە هەجمانی لێهەڵگیراوە و دەمامکەکانی لادراو نووراشکاوانە جەخت لەسەر داگیرکردنی باشووری کوردستان و چەک کردنی هێزەسیاسیەکانی دەکاتەو، لەم پێوەندیەدا ئێمە لە حزبی رزگاریی کوردستاندا بە مەبەستی هاوهەڵوێستی و یەکخستنی هێز و تواناکانمان بۆ بەرگریی کردن لەسەروەریی گەلەکەمان بانگ لەسەرجەم هێزولایەنە سیاسیەکان دەکەین و خوازیارین کە بەزوویی بەرخودان ئاوەدان و پڕ توانا بکرێتەوە.

## رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

## سەرانی ووڵاتانی جیهان

## کۆرو کۆمەڵە ئاشتیخوازەکان

ئەمڕۆ لە کاتێکدا هەموو مرۆڤایەتی باس لە ئاشتی و هێمنایەتی و مافی مرۆڤ و سەروەری ووڵاتان دەکاتەوە، کە چی ئەوە تا بە بەرچاوی هەموتانەوە دەوڵەتی تورکیا هەڕەشە لە چارەنووسی گەلەکەمان دەکات و خۆی بۆ لەشکرکێشی و داگیرکردنی ووڵاتەکەمان ساز و ئامادە دەکات.

بە گوێرەی هەموو یاسا و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان تورکیا مافی ئەوەی نییە دەست بخاتە ناو کاروباری ناوخۆی ووڵاتانی دیکەوە، ئارمانجیش لە لەشکرکێشی بۆ ناووولاتەکەمان تەنیا داگیرکردنی نیشتمان و کۆیلەکردنی گەلەکەمانە، بۆیە بە ناوی ویژدانی زیندوی مرۆڤایەتییەوە داواتان لێدەکەین کە گوشار بخەنە سەر رژێمی تورکیا پاشەکشەی پێبکەن.

هەروەها ئاواتەخوازین کە هاوپشتی لەگەڵ نەتەوەی کوردی لاشەڕو ئازادیخواز بکەن و لە هەڕەشەی دەوڵەتێکی دەرەکی بیپارێزن.

سلێمانی مەکتەبی سیاسی